# ڕێکەوتن واتە درێژەدان بە دەسەڵاتی داسەپێنەرانەی نادیموکراسی

**شاخەوان شۆڕش**

دیموکراسیەت بەواتا زۆر سادەکەی واتە فەرمانڕەوایی خەڵک. بەو پێیە لەهەر شوێنێکدا خەڵک دەسەڵاتی نەبێ و کاریگەری لەسەر بڕیاردان نەبێت, ئەوا دیموکراسیەتیش لەو شوێنەدا بوونی نییە. لەستاتێکدا کە پێشتر دیموکراسی نەبووبێ و هەوڵی دیموکراسیکردنی بدرێت, بەقۆناغێکدا ڕەت دەبێت کە بەقۆنای ترانسیشیۆن ناسراوە, واتە قۆناغێک کەتیایدا سیستەمی ڕامیاری ڕابردوو وردە وردە لادەبردرێت و لەجێگایدا سیستەمێکی دیموکراسی دادەنرێت. ئەوەش واتە هەرچی دامەزراو, ڕێکخراو و یەکەی پێشوو هەن دەگۆڕدرێن بۆ دامەزراو, ڕێکخراو و یەکەی ئازاد و دیموکراسیانە, بەشێوەیەک کەتیایدا و لەڕێگایانەوە خەڵک و تاکەکانی کۆمەڵگە پیادەی دەسەڵاتیان دەکەن و بڕیاریان بەشێوەیەک لەشێوەکان دەکەوێتە دەست, بەمجۆرە دروستکردنی میکانیزمی پڕۆسەی دیموکراتیزەکردن. لەئەنجامدا گۆڕینی سیستەمی داسەپێنەرانە و ئاوتۆریتاریانە یا دیکتاتۆریانەی دەسەڵات بۆ سیستەمێک کە خەڵک لەمیانەیدا نوێنەرانی خۆیانی تێدا هەڵدەبژێرن و دەسەڵات دەدەنە لایەنێکی براوەی هەڵبژاردن. گەر هاتوو ئەو پڕۆسەی هەڵبژاردنە چەند جارێک ئاشتیانە دووبارەبووەوە و دەسەڵات ئاشتیانە پێشبڕکێی لەسەرکرا و گۆڕدرا, ئەوا ئەوسا دەتوانرێت بگوترێت کەوا لەو کۆمەڵگەیەدا سیستەمی دیموکراسی شوێنی سیستەمی نادیموکراسی پێشووی گرتۆتەوە و بەمشێوەیە دیموکراسیەت لەئارادایە. دەسەڵات بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیانەدا واتای بەستنی کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتیە (لەچوارچێوەی میکانیزمێکی سیستەماتیکی و پرۆگرامکراو) لەنێوان خەڵک و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکاندا, بەجۆرێک کەوا خەڵک دەنگ بەنوێنەرانێک دەدەن, بەمەرجێک دەبێ ئەوانیش لەئاستی بەرژەوەندیەکان و داخوازیەکانی خەڵک و کۆمەڵگەکەدا بن. خۆ ئەگەرهاتوو نوێنەران لەو ڕێکەوتنە لایاندا, ئەوا چ لەڕێگای پەرلەمانەوە لادەدرێن, یا لەهەڵبژاردنی داهاتوودا سزا دەدرێن و هەڵنابژێردرێنەوە. ئەگەر لادانەکە مەترسیدار بێت ئەوا پەرلەمان یا کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە هەڵیانوەشێنێتەوە یا بەهێز توڕیان هەڵدات.

وەکو ئاشکرایە ئەو پڕۆسەیە لەکوردستاندا کەوەکو ستاتێکی دیفاکتۆ و سەربەخۆ بۆ ماوەی 13 ساڵ بوونی هەبووە, وانەبووە و ڕووینەداوە. لەکوردستاندا بەڕێوەبردن لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنی کۆمەڵگە نییە, واتە خەڵک دیموکراسیانە و ئازادانە نوێنەرانی خۆی هەڵنەبژاردووە و دەسەڵاتدارانی هەڵنەبژاردووە و پەرلەمانیش ڕۆڵی پاسەوانیەتی گەلی بەسەر دەسەڵاتدارانەوە نییە. دەسەڵاتدارانیش وابەستەی هیچ ڕێکەوتنێک لەگەڵ خەڵک نین و ئەوان مەترسی هەڵبژاردنیان نییە, چونکە ئەوان خۆیان دەسەڵاتن, لەسەرووی یاسا و پەرلەمان و گەلدان. بۆنموونە یەکێ لەو دیاردانەی نەبوونی ئەو کۆنتراکتە, پارتی دەسەڵاتدار بەپێویستی نازانێت پرۆگرامی ئامانجەمانی خۆی بەخەڵک پیشان بدات و پرۆپاگەندەیان بۆ بکات, تاوا لە دەنگدەران بکات دەنگیان پێبدەن و هەڵیانبژێرن. چونکە ئەو نایەوێت و بەپێویستی نازانێت هەڵبژاردن بکات و خۆی بە کۆتراکتێک کەسنوری بۆ دادەنێت و ئەرکی دەخاتە سەر, وابەستە بکات. بەهەمان شێوە, دەسەڵاتدارانی کورد لەلایەن خۆیانەوە بڕیاری چارەنووسساز یەکلادەکەنەوە و بەپێویستی نازانن بۆ گەل یا پەرلەمان بگەڕێنەوە.

تەمەنی دیموکراسیەت لەکوردستان ئەگەر بوونی لەسەردەمێکدا هەبووبێت, ئەوا لە هەڵبژاردنی 1992 دا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت هاتەکایەوە, بەڵام دوای چەند ڕۆژ و یا چەند هەفتەیەک بەڕێکەوتنی ففتی ففتی یەکێتی و پارتی لەگۆڕنرا. واتە لە قۆناغی سەرەتایی ترانسیشیۆندا یەکەم هەنگاوی بۆنرا, بەڵام بەداخەوە نەیتوانی هەناسەی پێویست بدات و هەرزوو کۆتایی پێهێنرا. لەساڵی 92 دا ئەنجامی هەڵبژاردن لەلایەن لایەنی دۆڕاوەوە پەسند نەکرا و هەڕەشەی شەڕی ناوخۆ هاتەکایەوە, ئەنجام ڕێکەوتنێک کرا کە لەڕاستیدا لە قوتی هیچ عەتارێکدا بوونی نییە لەهی کورددا نەبێت. ئەوەش لەبەر ئەوە بوو مێنتالی دەسەڵاتدارانی کورد ئەوسا ئەوەنەبوو بتوانێ ئەنجامی هەڵبژاردن پەسند بکات, واتە ئەوان نەیانتوانی پەسندی پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت بکەن و بچنەناو سیستەمەکەوە, بەمجۆرە هەر لەبەراییدا ڕەتیانکردەوە. دیارە ڕێکەوتنەکەش سەری نەگرت و شەڕی ناوخۆ هەزاران مرۆڤی کوردی کردە قوربانی خۆی.

ئێستا دوای دوازدەساڵ, بەر لەوەی هەڵبژاردن بکرێت, وەکو دیتمان دوای چەندین گفتوگۆ و کۆبوونەوەی داخراو لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا ڕێکەوتنێک مۆرکرا. ئەمجارەیان لەجیاتی ففتی ففتی, 41 بە 41 ـە و هەندێ کورسی پەرلەمانیان داوەتە خەڵکەکەی دیکە, بەمجۆرە ئەوەی دەسەڵاتی هەیە و دەیبێت هەر خۆیانن, ئەوە پێش ئەوەی گەل بدوێ و بڕیاری خۆی بدات. واتە دیسان ئەوان پاشقولیان لە خەڵک گرت, ئامادە نەبوون گوێبدەنە گەل و خۆیان ملکەچی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بکەن. ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کەوا دەسەڵاتدارانی کورد یا بەرپرسانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی یەکێتی و پارتی, هێشتا گیرۆدەی دەستی کەلتوری داسەپێنەرانە و نادیموکراسیانەی پێشوون و ئێستاش وەکو دوازدە ساڵ لەمەوبەر بۆ پەسندکردنی نۆرم و پرەنسیپە دیموکراسیەکان

ئامادە نین. مێنتالی ئەوان هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتوانێ سنورەکانی کەلتوری داسەپێنەرانە ببەزێنێ و پەسندی گۆڕان و دیموکراتیزەکردن بکات. بیانووەکانی ئەوان هەرچی بێت ناتوانێ ئەو ڕاستیە ڕەتکاتەوە.
شایانی باسە ئەو ڕێکەوتنەی ئەوان و خۆئامادەکردنیان بۆ ئەو هەڵبژاردنەی کە پێشوەخت ئەنجامی یەکلاکراوەتەوە, لەژێر گوشاری دەرەکی و پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقدا بووە. ئاشکرایە ئەوە هەشت ساڵە خەڵک داوای هەڵبژاردن لەوان دەکات, کەچی ئەوان ئامادەنەبوون ئەو داخوازیەی گەل جێبەجێ بکەن. ئێستاش ئەگەر ئەو گۆڕان و گوشارە دەرەکیە نەبوایە, گومان لەوەدا هەبوو ئامادەی هەڵبژاردن و یەکخستەوەی باشور بوونایە (ئێستاش کارەکەیان سەقەتە و دیسان هەمان دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی جارانە و یەکخستنەوەی باشور هێشتا مسۆگەر نییە). هەرچۆنی بێت ئەوان بەگوێی گەلیان نەکرد و ئەوەی ئێستاش لەبەرخاتری گەل نییە, ئەوە لەبەر پرۆسەی دروستکردنەوەی ستاتی ئێراق و دروستکردنی ناسیۆنی ئێراقە. بۆیە ئەو ڕێکەوتنەی ئەوان هەوڵێکە بۆ بەهێزڕاگرتنی خۆیان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی بەئێراقیکردنی کورد کە ئەوان تائێستا کاری زۆریان بۆی کردووە. بەواتایەکی دیکە و لە ڕوانگەیەکی کوردستانیانەدا, ئەوە هەوڵی بەهێزڕاگرتنی ڕەوتی بەپەڕاوێزکردنی کورد و بەمجۆرە بچوککردنەوە و بەکەلتورکردنی ناسیۆنی کورد لەبۆتەی ناسیۆنی ئێراقدایە. دیارە ئەوان لاری لە بەئێراقیکردنی کورد ناکەن و شانازیش بەئێراقیەتی خۆیان دەکەن.
بارزانی و تاڵەبانی بانگاشەی بەرژەوەندی گەل دەکەن و گوتیان ئەوە مژدەیە بۆ خەڵکی کوردستان. ئایا بەرژەوەندی گەل لەوەدایە و چۆن؟ ئایا بەرژەوەندی گەل لە سیستەمی داسەپێنەرانەی نادیموکراسیانە دایە؟ لەبەرچی ئەوە بۆ گەل مژدەیە؟
کێن ئەوانەی وایانکردووە کە ئەو بارودۆخە بەوشێوەیە بکەوێتەوە, گەل یا بارزانی و تاڵەبانی؟ کێن ئەوانەی لەو پارچەییە و دابەشکردنە بەرپرسیار و تاوانبارن؟ گەل یا بارزانی و تاڵەبانی؟
بەرژەوەندی گەل شەرم لەکەس ناکات و لەکەسیش شاراوە نییە. بەرژەوەندی گەل لە بوونی دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراسیانەی ڕەوا دایە. گەل بەرژەوەندی لەوەدایە, بەرپرسیارانی شەری ناوخۆ و دابەشکردنی باشور بدرێنە دادگا, دوورخرێنەوە و نەتوانن جارێکیتر توخنی دەسەڵات بکەونەوە. بەرژەوەندی گەل لەوەدایە, ناکۆکی و ڕابردوو کۆتایی پێ بهێنرێت و چیتر کەس بەبڕیار و میتۆدی داسەپێنەرانە, خۆی بە میری خەڵک نەزانێت. گەل بەرژەوەندی لەوەدایە وەکو گەلانی دیکەی ئازاد, پیادەی پرەنسیپە دیموکراسیەکان بکرێت و دەسەڵاتی خۆی تاقیکاتەوە. کە دەسەڵاتیش لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت, لەسەر ئەو دەسەڵاتە ئەرکە بەکار و فەرمانی خۆی هەڵسێت. نەک خۆهەڵکێشان و منەتفرۆشتن بەسەر خەڵک, یا بەکارهێنانی سامانی کۆمەڵگە بۆ خودی کەسان و خێزانی دەسەڵاتدار, پارتی دەسەڵاتدار, خزم و دۆست و لایەنگرانیان.
بارزانی و تالەبانی ڕێکەوتنەکەیان لەپێناوی ڕاگرتنی ئاشتی لەنێوان خۆیاندا کردووە, ئەوان ڕێکەوتنیان لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کردووە. ئەوانن باشوری کوردستانیان دابەشکردووە, ئەوانن ناتوانن متمانە بەیەکتر بکەن و بارەکەیان گەیاندۆتە ئێرە. کە ئەوان دوای چەندین کۆبوونەوە و مشتومڕ گەیشتوونەتە ڕێکەوتن, ئەوە دەستکەوتێکە یا مژدەیەکە بۆ خۆیان, کەوا لەلایەن خۆیانەوە ڕەوایەتی دابەشکردنی دەسەڵاتیان بۆ خۆیان درێژکردۆتەوە.
بەڵام لەبەرچی زۆربەی خەڵکی باشور بەو ڕێکەوتنەی بارزانی و تاڵەبانی دڵخۆشن[1]؟ ئایا ئەوان ئارەزووی هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕەوا ناکەن؟ ئایا ئەوان دژی پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆیانن؟ ئایا ئەوان هیچ دەربارەی دەسەڵاتی خۆیان دەزانن؟
دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بەگەلێ شێوە بدرێنەوە و زۆر زیاتریش لەو کورتە وتارە هەڵدەگرێت. وەکو دەزانین, شەڕی ناوخۆی چەندین ساڵی ئەو دوو بەرەبابە یا یەکێتی و پارتی هەر لە 60 ـەکانەوە تا دوای 94, هەر هەموویان ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەدواوە بووە. جگەلەوەی هەزاران مرۆڤی کوردی کردۆتە سوتەمەنی, کۆمەڵی تووشی قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوشندە کردووە. بەمجۆرە دیاردەی یەکترکوژی وەکو دیاردەیەکی زۆر مەترسیدار هەمیشە لە ئاشتی و گوزەرانی کۆمەڵگەی کوردستان هەڕەشەیەکی گەورەیە. ئەو دیاردەیە زراوی خەڵکی کوردستانی بردووە و وایکردووە خەڵک ئامادەبێت پەسندی سیستەمی داسەپێنەرانە و دەسەڵاتی میرایەتی بکات. خەڵک پشتگیری هەر هەنگاوێک دەکات کە دێوەزمەی کوردخۆری لەگەل دوورخاتەوە. ئەو دێوەزمەیە کێ دروستی کردووە و پەروەردەی کردووە؟ بێگومان ئەوان! گەل دیلی دەستی ئەو دێوەزمە دڕندەیە کراوە و زۆرکوشندە ترسێندراوە. خەڵک بێئەوەی بەخۆیان بزانن ئەوەیان لێبووەتە ئامانج, کارەساتەکانی ڕابردوو و ئەو مەترسیە ناچاریکردوون, ڕاگرتنی ئاشتی لەنێوان یەکێتی و پارتی لێیان ببێتە ئامانج و جێگای بەرژەوەندی نیشتیمانی و ناسیونالیستانەی ئەوان بگرێتەوە. ئەوە ئامانجێکە ئەوان دروستیان کردووە و سەپاندوویانە, ئەوە ئامانجێکە پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی ئەوان خۆیان دەکات. ئەوە ئامانجێکە کە بەهیچ شێوەیەک یەکێ لەئامانجەکانی خەباتی کورد نەبووە, چونکە لەبنچینەدا ئامانج نییە و تۆقاندن وەکو ئامانج دەمامکی کردووە. چونکە ئەگەر کوردان لەنێوان خۆیاندا تەبا بن, ئەو دیاردەیە نە دەبێت و نە دەشتوانێ گەل فریو بدات و شوێنی ئامانجی نەتەوایەتی لێبگرێتەوە. گومان لەوەدا نییە, گەل دژی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆییە. شەڕی ناوخۆ ماڵوێرانی گەلە. هەر ئەوەشە وایکردووە, ڕاگرتنی تەبایی دوولایەنە ڕکابەرەکەی کوردستان ببێتە ئامانجی گرنگ و لەپێش. ئەوە بووەتەهۆی دوورکەوتنەوە یا لە خراپترین باردا لەبیرکردنی ئامانجە ڕاستەقینەکان. بەڵام گەل تاوانی چییە؟ کێن, کەوا لەسەپاندنی ئەو مەترسیەی ناکۆکی تاوانبارن؟ بێگومان بارزانی و تاڵەبانی.

[1] بەگوێرەی هەواڵەکان بۆنمونە سایتی پەیامنێر زۆرینەی خەڵک بەو ڕێکەوتنە دڵخۆشن.

لەلایەکی دیکە, خەڵک کە تائێستا نازانێ دیموکراسیەت چییە و ڕەنگی چۆنە, لەبەرچی پەسندی شتێک نەکات کە بەلایەنی کەم ئاشنایەتی لەگەڵێدا هەیە. خەڵک لەکوردستاندا کە هەرگیز پیادەی دەسەڵاتی خۆی نەکردووە و نازانێ دەسەڵاتی ئەو چییە, چۆن بتوانێ لەو یاریەی بارزانی و تاڵەبانی بگات؟ چۆن بزانێ, بوونی ئەوان بۆ ڕەوایە یا ناڕەوایە؟ بۆیان ڕوون نەکراوەتەوە, ئامانجی نەتەوایەتی ئەوان, هەروەها بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی ئەوان چین و چۆن دەکرێ ئەو بەرژەوەندیانە بەدەست بهێنرێن و پارێزگاریان بکرێت. ئەو ڕوونکردنەوە کەمانەی هەن بێلایەنانە نین, مەبەستی ڕامیاری لایەنی دەسەڵاتداریان لەپشتەوەیە و گەلێ بابەتی نەتەوەیی خۆیان لێنادرێت, چونکە لەبەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتداردا نین. ئەمە جگەلەوەی پروپاگەندە و ڕوونکردنەوە هەن, شێواندن و زیادەڕۆیی و بەلاڕێدابردنیان تێدایە. ئەو هەموو کۆبوونەوەیە کرا, چی بەخەڵک گوترا؟ بۆنمونە خەڵک هەن نازانن ئەو ڕێکەوتنەی بارزانی و تاڵەبانی لەسەر چی بووە. خەڵک هەن بێئەوەی بزانن ڕێکەوتنەکە چییە, دەڵێن "هەر ئەوان تەبا بن, ئێمە هیچمان ناوێت"!

بەکورتی, ئەو ڕێکەوتنەی بارزانی و تاڵەبانی هەنگاوێکە دژی پرەنسیپە دیموکراسیەکانە و درێژەدانە بەدەسەڵاتی داسەپێنەرانەی یەکێتی و پارتی لە باشور. ئەو ڕێکەوتنە ڕەتکردنەوەی گۆڕان بەرەو دیموکراسیەتە, بەمجۆرە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خەڵکە. ئەو ڕێکەوتنە ڕێزنەگرتنە لەهەڵبژاردن و سوکایەتی کردنە بە دەنگدەران. ئەو ڕێکەوتنە بەهێزراگرتنی خۆیانە بەمەبەستی درێژەدان بە ڕەوتی بەئێراقیکردنی گەلی کوردستان. بەهەمان شێوە, ئەو ڕێکەوتنە یارمەتیان دەدات, خۆیان لەسەرئێشەی ئەگەری بەهێزبوونی لایەنی هەڵوێست جودا یا سەربەخۆخواز بپارێزن و بەمشێوەیە لە دروستکردنەوەی ئێراقدا کەس ڕێگریان نابێت.

ڕێکەوت 2004.12.5